بومەلەرزەیەک بە گوێی 4.2 پلە لە پارێزگای هەولێر تۆمار کرا.



سەرچاوەیەکی فەرمی لە دەسەڵاتی کۆشناسی و بومەلەرزەزانی عێراق ئەمە دوشەممە لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند، بومەلەرزەیەک لەسەر سنوری عێراق لەگەڵ تورکیا و ئێران رویداوە، لەلایەن خەڵکی ئیدارەی سەربەخۆی سەرانیشەوە لەسنوری هەولێر هەستی پێکراوە.

بەگوێرەی ئاژانسی بومەلەرزەزانی دەریای ناوەڕاست، چەقی بومەلەرزەکە لەسنوری ئیدارەی سەربەخۆی سەران 4.3 پلە بەپێوەری ڕێختەر و بە قوڵایی پێنج کیلۆمەتر لەسەر ئاستی روی دەریا بوە.

ئەوەشخراوەتەوە، لەلایەن بەشێك لە هاوڵاتیانی سەرانەوە هەستی پێکراوە و بەهۆی دروستبونی ترس و دەڵەڕاوکێشەوە، لە چەند گەڕەکێك ژمارەیەك لە هاوڵاتیان لەماڵەکانیان هاتونەتە دەرەوە.